# چالاکی‌یەکانی ریکخراوی ئازادی ژنان‌و کۆمیتەی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە بۆنەی ٨ی مارسەوە

## لاهتی:

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٨ مارس لە شاری لەهتی.... مەراسمێکی شکۆدار بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە بەرپا کرا، کە تیایدا ژمارەیەکی  بەرچاولەپە نابە ران و خەلکیٍ شاری لاهتی بەشداریان تیایدا کرد.
سەرەتا تیپی کۆرال و مۆسیقای کریکارانی شاری لەهتی بە سرودی ئەنترناسیونال مەراسیمەکەیان کردەوەو دواتر چەند سروودو گورانی یەکی تریان پیشکەش کرد .
پاشان خاتوو Hilkka Lappela پیشکەشکەری بەرنامەکە لەگەڵ راگەیاندنی بەرنامەی مەراسیمەکەدا چەند پارچە شعیریکی بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنەوە خۆیندەوە و دواتر شەهلا ڕۆستەم لەلایەن ڕێکخراوەی ئازادی ژنانی عیراق وتارێکی پێشکەش بە بەشداربوان کرد کە تێدا ئاماژەی بە بارودۆخی ژنان پاش گۆربەگۆرکردنی بەعس کردو ئاماژەی بەوە کرد کەئەمرۆ لە چەندین شاری عیراق و وولاتانی ئەوروپاوکەنداو ئۆستراليا ڕێکخراوی ئازادی ژنانی عیراق دێنە مەیدان بۆ داکۆکردن لەماف و ئازادی ویەکسانی ژنانی عیراق راوەستانەوە دژ بەهەر جۆرە سەرکوت و ستەم و چەوسانەوەیەك لەسەر ژنان .... دواتر خانمی گورانی بیژو گیاترژەن (SIRI) بە چەند گورانیەك بەشداری کرد. پاشان خاتوو (SIRPA TÖLKKÖ) وەك بەرپرسی نقابەی دیموکراتی ژنانی فنلاند قسەو باسیکی لەسەر بزوتنەوەی ژنانی فنلاند و دەورو جێگەوریگەی نقابەی دیموکراسی ژنان کردو ئاماژە بە گرنگی کاری نیونەتەوەی بۆ بەرگری و داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان کرد. پاشان هاوڕیٚ جەمال شەریف وتەی تەشکیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە فنلاند پیشەکەش بە ئامادە بووان کردو ئاماژە بەوە کرد کە ئەمرۆ حککع لەسەنگەری پیشەوەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژناندایەو جیای دین لە دەولەت و فیرکردن و بارهینان بە مەسەلەیەکی گرنگ و سەرەکی دەزانیت بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکانی ژنان ...پاشان هاوڕی جەمال ساڵح بە نوینەرایەتی تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حکمەتیست لە فنلاند قسەباسیکی بۆ بەشدرابووان کرد کە تیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئیران و وولاتانی خۆرهەلاتی ناوەراستدا ئیمە تەنها گول نادەین  بەژنان بەلکو رۆژی جیهان ژنان وەك رۆژیکی خەباتکارانە تەماشا دەکەین و ژنان لەم رۆژە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆیان دینە مەیدان ... لە دریژەی قسەوباسەکانیدا وتی بۆ نموونە ئەوەی کە تا ئەمرۆش لە ئیران بە شیوەیەکی رەسمی مندالانی ٩ سال بە شووبدریت و یان کوشتاری ژنان یاسا پشتیوانی لی بکات بەس بیت بۆ ئاشنا بوون بەو کارنامەی دژی ژن بوونی ئەو حکومەتە ....دواتر هاوری سیروان ئەمین چەند پارچە شیعریکی لەپەیوەند بە ٨ مارسەوە پیشکەش بە ئامادە بووان کردو هەروەها هاوڕیٚ منیرە ئەمین ناوەرۆکی شعیرەکانی هاوری سیروانی تەرجمەکردەوە بۆ فنلاندی  دواتر تیپی کۆرالی ئینکەری و رووسیا چەند پارچە گۆرانی مۆسیقایان پیشکەش بە بەشدرابووان کرد.
بەشی دووهەمی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ پیشکەش کردنی فیلیکی ڤیدیۆی کە تیدا هاوری ریبوار ئەحمد و ناسك ئەحمد قسەو باس دەکەن لە پەیوەند بە بزوتنەوەی بەرابەرخوازانەی ژنان لە کوردستان و هەروەها دەورو جیگەو ریگەی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان. شایەنی باسە پیشکەش کردنی ئەم فیدۆیە کە لەلایەن هاوری جەمال سالحەوە تەرجمەکرایەوە بۆ فنلاندی زۆر سەرنجی بەشدرابووانی فنلاندی بۆ لای خۆی راکیشاو زۆر خۆشحالی خۆیان لەوە نییشان دا لە کوردستاندا بزوتنەوەی بەرابەری ژنان پیاو لەوەهاجیگەو ریگەو ریکخراوەیەك بەهەرمەند بووە ...بێجگە لە مە لە میانەی مەراسیمە کە دا هەڵسووراوانی  رێکخراوی ئازادی ژن ژمارەیەکی زۆر ئیمزایان بۆ

**پشتیوانی لە خواستە کانی بزووتنەوە ی یەکسانیخوازی ژنان لە عێراق و گۆرینی ئە و رۆژە بە پشووی رەسمی لە فینلەندا کۆ کردەوە................**

**جیگەی ئاماژە پێکردنە کە حککع و ریکخراوەی ئازادی ژنانی عیراق بەشی فنلاند بۆ ناساندنی بزوتنەوەی بەرابەرخوازی ژنانی عیراق و هەروەها ئامانج و بەرنامەکانی ریکخراوەی ئازادی ژنانی عیراق دوو ژمارەی بلاوکراوەیەکی ٤ لاپەرەی بە زمانی فنلاندی دەرکرد کە تیدا بە جیا لەوەی کە رابەرانی ئەم ریکخراوەیەو گوشەیەك لە چالاکیەکانی ٨ مارس و چەند ووتاریکی رابەرانی ریکخراوەی ئازادی ژنانی عیراقی تیدا بلاوکرایەوە کە پیشوازیەکی زۆری لە لایەن دۆستان و خەلکی فنلاندیەوە لی کرا ، کە لە سەر میز کتابی ئەم مراسیمەدا دانرا .**

**پاشان بەشی کۆتای مراسیمەکە بە ئاهەنگی گۆرانی و هەلپەرکی لە نیو شۆر وشەوقی ئامادە بوواندا کۆتای پیهات .**

## <u>هێلسینکی</u>

- **بەواری ٦-٣-٢٠٠٥هەریەك لە (ئالاْ فەرەج و سروە حەوێز) نوینەر و ئەندامانی ریکخراوی ئازادی ژنانی عێراق لە فنلاند، لە سیمیناریێکی مێزگردیدا بەشداریيان کرد کە لە لایەن (V-DAY کە ریکخراویکی جیهانی دژ توند و تیژیيە) ریکخرابوو لەگەل شەش پسپۆرانی مەسەلەی جێندەردا.. (ئالاْ فەرەج) ووتەی رێکخراوی ئازادی ژنانی عیراقی پیشکەش کرد. پاش ئەوەی هەل و مەرجی ژنانی عیراقی باس کرد و ئەو هەرەشانەی بۆ سەر ژنان دوای هەلبژاردنەکان و ئەلگۆی یاسایەکی مۆدیرن و سکۆلاری بۆ یاسای دەولەت خستە روو کە تیایدا بەبی لەبەرچاوگرتنی جنس و نەتەوە ودین مافەکانی هەموو هاوولاتیيەك تیایدا پاریزراو بیت...**

**هەر لەو سیمینارەدا چەندین کەسایەتی فنلاندی هاوپشتيیان لە خواستی دەولەتیکی سکۆلار بۆ عیراق و دەست کۆتاکردنی شەریعەتی ئیسلام لە یاسای ئایندەی عیراقدا دەربری‌و ئیمزایان دا لە داواکاری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە پەیوەند بە جیایی دین لەدەوڵەت‌و یاسای یەکسانی ژن‌و پیاو ..وهەروەها ئارتیکەل و بلاوکراوەی ریکخراوی ئازادی ژنان بە زمانی فنلاندی بلاوکرانەوە...**

**-سەرلەبەیانی ٨ی مارس لە سەنتەری شاری هیلسینکی مینبەری ئازاد بۆ قسەوباس لەسەر وەزعی ژنان لەلایەن حیزبی چەپ و حیزبی سەوز وحیزبی کۆکۆموس"گەل" و بیکارانی هیلسینکیيەوە دانرابوو... هەریەك لە ئەندامانی رێکخراوی ئازادی ژنان (ئالا فەرەج و سروە حەوێز)بەشداری چالاکانەیان لەو پیکتەدا کرد و پاشان ووتەی رێکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لەلایەن (ئالا فەرەج)ەوە پێشکەش کراو سەبارەت بەهەل و مەرجی ژنانی عێراق و دەستی ئیسلامی سیاسی لە ژیان و چارەنووسی ژناندا مەحکوم کرد و زەروورەتی (جیایی دین لەدەولەت)ی لە ئیستای یاسای دەولەتی عیراقدا بۆ ئامادەبوان باس لیکرد...**

**_سەرلە ئیوارەی ٨ی مارس مەراسیمیك لەلایەن ریکخراوی ژنانی دیموکراسیيەوە لە CAISA لە شاری هیلسینکی رێکخرا کە چەند کەسایەتی لە ریکخراوەکانی ژنانی فنلاندی دەعوەت کرابوو..نوێنەری ریکخراو قسەوباسیکی سەبارەت بە وەزعی ژنانی عیراق و داواکاریيە فەوریيەکانی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق و دەوری ریکخراوەکانی ژنانی فنلاند لە دانانی قانونیکی سکۆلاردا لە یاسای دەولەتی عیراقداباس کرد....ئەوەی شایەنی باسە بابەت و بلاوکراوەکانی ریکخراوی ئازادی ژنان بلاوکرانەوەو ئیمزایەکی زۆر دژی بەشەریعەت بوون لەیاسای دائمی دەولەتی عیراقدا کۆکرانەوە. شایانی باسە لەم پانێڵەدا هەریەك لە Marija-Leena Mikkola نوسەری فنلندیسەبارەت بە تازەترین کتێبی خۆی دوا وهەروەها Leona Kotilainen لە تۆڕی دژ جەنگ بۆ سەر عێراق سەبارەت بەکاریگەرییەکانی شەر بۆسەر وەزعی ژنان و هەروەها Jussi Lilija لە کۆمەڵەی ئاشتی‌و Lenna Brunberg بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی دیموکراتی لە هیلسنکی‌و چەندین کەسی دیکە لە حزب‌و**

لایەنەکانیترقسەوباسیان بەبۆنەی ٨ی مارسەوە پێشکەش کرد و هەروەها لە نێوان برگەکانی بەرنامەکەدا چەند مۆسیقای جۆراوجۆر پێشکەش کران.......

## ڤانتا:

سەرلە بەیانی ٨ی مارس لە شاری ڤانتا شەهلا رۆستەم لە مەراسیمی ٨ی مارسی شاری ڤانتادا بە قسەوباسێک سەبارەت بەوەزعی ژنانی عیراق ووتەی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراقی پێشکەش کرد کەئەم مەراسیمە لە لایەن ریکخراوی ژنانی چەپی فنلاندیەوە لە لەمەکتەبەی مەرکەزی شاری ڤانتا ریکخرابوو وە ژمارەیەکی زۆر لە فنلاندی بەشداریان تیادا کرد، ئەوەی شایانی باسە لەوێدا ژمارەیەکی زۆر بە بابەت و بلاوکراوەی ریکخراوی ئازادی ژنان بە زمانی فنلاندی بلاوکرانەوە و ئامادەبوان پێشوازیەکی گەرمیان لە کارەکانی نوێنەرانی ریکخراوی ئازادی کرد....